# زمان و ناسنامه

## دوکتۆر بەختیار سەجادی لە دیمانەیەکی تایبەتدا

### (سازدانی ئیبراهیم ئەحمەدی‌نیا و محەمەد ڕەحیمی)

*ئاگرین ڕۆژ،* س. ۲. ژ. ۱۴، جۆزەردانی ۱۳۹۳


زمان و ناسنامه

**ئەحمەدی نیا:** بەخێرهاتنی گەرمی جەنابتان دەکەم بۆ بەشداری کردن لەم وتوویژەدا. بۆ چوونە نێو بابەتی دیمانەکەوە، سەرەتا باشتر وایە لە سەر هەندێ وشە و دەستەواژە بدوێین وەکوو: سووژە، شوناس، زمان و هەروەها ڕۆنانی دەستەواژە و زاراوەی هاوواتا لەو بوارەدا. ئێوە وەکو کەسێک کە بە شێوەی پسپوڕانە و ئەکادیمیک لەو بەستێنەدا کارتان کردووە، ڕانان و ڕوونکردنەوەیەکی کورتمان لەسەر ئەو دەستەواژەگەلە بۆ باس بکەن. سووژە؟

**د. سەجادی:** زۆر سپاس بۆ ئەم بانگهێشتکردنە. سەرەتا پێویستە وەکوو پێشەکییەک چەند دەستەواژە و زاراوەیەک بە کورتی پێناسە بکەین. یەکەمیان زاراوەی سووژەیە. سووژە زاراوەیەکی فرەپاتە لە بابەتە ڕەخنەیی و تیۆریکەکانی لقە جیاجیاکانی ئاقاری زانستە مرۆییەکان لە سەردەمی ئێستادا. لە جیاتی بەکارهێنانی هەندێ وشە و زاراوە وەک ئینسان، مرۆڤ، پیاو، ژن، تاکەکەس، خەڵک، جەماوەر، هەوڵ ئەدەین لە زاراوەی سووژە کەڵک وەربگرین. زۆر بە کورتی دەڵێم هۆکاری سەرەکیی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە ئەوەیە کە لە تیۆریی ڕەخنەگرانەی هاوچەرخدا گریمانەکە بەوشێوەیەیە کە ئەو کۆمەڵە زاراوەیەی نام بردن هەڵگری هەندێ واتا و دەلالەتن کە لە تیۆرییە ڕەخنەییەکاندا چیدی ئەو واتا و دەلالەتانە جێی باوەڕ و متمانە نین. ئەمانەش کۆمەڵێ دەلالەتن وەکوو سەربەخۆیی، یەکگرتوویی و توانای بڕیاردان.

که دەڵێین پیاو یان ئینسان یان تاکەکەس، خێرا بیر لە هەندێ چەمکی تر ئەکەینەوە، وەک یەکگرتوویی، بڕیاردان، یان خودبەڕێوەبەری، کەچی لە تیۆریی رەخنە گرانەی هاوچەرخدا راست پێچەوانەیە. گریمانەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەبێ دەستەواژەیەک بە کار بەرین کە چیدی هەڵگری ئەو واتاگەلە نەبێ، ئەو دەستهواژەیەش خۆی لە رواڵەتی زاراوەی «سوژە»دا دەبینێتەوە. لە زمانی کوردیدا هەوڵمان داوە هەندی هاوواتای بۆ دروست بکەین وەکوو: «ناسکار» و «بناس»، لەفارسیشدا کراوە بە«شناسا» یان «شناسندە». هەر لێرەشەوە بڵێم کە بە کارهێنانی زاراوەی «سوبژە» بە تەواوەتی هەڵەیە. ئەم زاراوەیە لە هیچ زمانێکدا بە شێوەی سوبژە بوونی نییە. لە زمانی ئینگلیزیدا بە شێوەی (subject)ە. لە فەرانسەویدا بە شێوەی سووژەیە. کەواتە ئێمەش لەکوردیدا هەمان بەکار ئەبەین؛ پێناسەکەشی بریتییە لەو کەسەی کە ناسنامەکەی یان شوناسەکەی بۆخۆی بەندە بە شتێکی ترەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە لە باتی ئەو کۆمەڵە زاراوەیە لە زاراوەی سوژە کەڵک وەرئەگرین. ئەڵبەت ئەم مەسەلەیە باسێکی دوور و درێژە و لێرەدا بە کورتی باسم کرد.

**ئیبراهیم ئەحمەدی نیا:** وشەیەکی تر کە لە راستیدا تەوەری سەرەکیی ئەم وتووێژەشە، وشەی شوناس یا (هویت)ە کە ئەمیش نیازی بە روونکردنەوە هەیە.

**د. سەجادی:** بەڵێ وایە. ئەم زاراوەی (هویت)ە کە مەسدەری جەعلیە(لە زمانی فارسیدا)، لە عەرەبیشدا بە هەمان شیوەیە (هویە)، وەرگێرانی دەقاودەقی دەستە واژەی (Identity)ە . لە کوردیدا کۆمەڵێک هاوواتای بۆ پیشنیار کراوە کە بریتین لە: شوناس، ناسنامە، ناسێنە، پێناس، کێیەتی، هەویە.

دیارە هەرکام لەم هاواتا پیشنیارکراوانە هەڵگری کۆمەڵێ خاڵی لاواز و خاڵی بەهێزن. بەم دواییە و لە وتارێکدا لە گۆڤاری *رامان* باسم لە خالە بەهێز و خاڵە لاوازەکانی ئەم هاواتاگەلە کردووە و لە ئاکامدا گەیشتووم بەو ئەنجامە کە لە نێو ئەم کۆمەڵە هاووتا پیشنیارکراوانەدا باشتر وایە لە دوانیان کەڵک وەربگیردرێ کە بریتین لە شوناس یان ناسنامە، هەرچەند ئەم دوو هاوواتایەش بۆخۆیان هەڵگری کۆمەڵێ کەموکۆڕین.

ئێمە لەم وتووێژەماندا ئەتوانین لەو دوو وشەیە کەڵک وەرگرین و چیدی باسی خاڵە لاواز و خاڵە بەهێزەکانیان ناکەین. بۆ نموونە، کە ئەڵێین ناسنامە، لە زمانی کوردیدا کۆمەڵە واژەیەک هەن وەکوو بەڵگەنامە و کارنامە و بڕوانامە، کە ئەڵێین ناسنامە ئەکەوینە بیر شتیکی «انضمامی» واتە بەرهەست. کەچی هەر وەک خۆتان ئەزانن ناسنامە هەڵگری تایبەتمەندییەکی بەرهەست نییە، ناسنامە شتێکی دەرهەستە واتە«انتزاعی»-ە کە لە زمانی فارسیدا دابەش ئەبێ بە سەر دووبەشدا : (اسم ذات) و (اسم معنی). «هویت» لە راستیدا (اسم معنی)ە، واتە دەرهەستە، بەرهەست نیە، کە چی ناسنامە شتێکمان دەخاتەوە یاد کە (اسم ذات)ە. ئەمە نموونەیەکی سادەیە لە یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی چەمکی ناسنامە. کە ئەڵێین شوناس، ئەویش کۆمەڵێ رەخنەی لە سەرە کە چیدی باسی ناکەین. بەڵام بە کورتی ئەتوانین بڵێین لە ناو ئەو کۆمەڵە هاوواتا پێشنیار کراوانە بۆ زاراوەی Identity شوناس یان ناسنامە فرەپاترن، هەرچەند هەردووکیان هەڵگری کۆمەڵی خاڵی لاواز و خاڵی بەهێزیشن.

**ئەحمەدی نیا:** وشەی سێهەم «زمان»ە کە ئەویش نیازی بە شرۆڤە و روونکرنەوەی تایبەت بە خۆی هەیە.

**د. سەجادی:** لێرەدا مەبەست لە زمان زمانێکی تایبەت نیوە. وەک زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، زمانی فارسی، زمانی تورکی یا زمانی ئینگلیزی. لێرەدا مەبەست زیاتر سیستەمێکی یەکگرتووە کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک نیشانە. دیارە لێرەدا مەبەست لە زمان زمانێکی دنیاداگرە، واتە، ئەو سیستەمەی کە هەر زمانەو بەو پێیە و بە هۆی یاسا و ڕێسا ناوەکییەکانیەوە هەڵگریەتی. دنیاداگرم بۆ وشەی (جهانشمول) بەکارهێناوە، یانێ مەبەست زمانێکی تایبەت نییە. مەبەست سیستەمێکە، ئەم سیستەمە یەکگرتووە، خۆبەڕێوەبەرە و خودبژیوە. ئەم زمانە لە کۆمەڵێک نیشانە (symbol) و دال پێکهاتووە و زیاتر هەڵگری چوارچێوەیەکی دنیاداگرە، واتە هەر زمانێک بۆخۆی سیستەمێکە و گەرچی ئەم سیستەمانە لێکدی جیاوازن، بەڵام هەندێ وێکچوویی گشتیشیان پێکەوە هەیە. ئەبێ لێرەدا ئاماژ بەوەش بکەم کە لە زماناسیی پێکهاتەخوازانەدا، پێناسەی زمان ئەمەیە، واتە زمان وەکوو سیستەمێکی خودبەڕێوەبەری پێکهاتوو لە نیشانە و دال.

**ئەحمەدی نیا:** پێم وایە باسی ڕەچەڵەکناسیی وشەی شوناس لە خۆیدا دەتوانێ هەندێ لایەنی ئەو دەستە واژەیە زیاتر ئاشکرا بکات، بە تایبەت کە لە دەقە لاتینەکان و لەو زمانانەی کە لە زمانی لاتین جیا بوونەوتەوە، زاراوەی شوناس پێناسە و واتای خۆی هەیە.

**د. سجادی:** زاراوەی ئایدنتیتی (Identity) لە زمانی فارسی و لە دەقە جیاجیاکاندا بە دوو شێوەی تەواو جیاواز وەردەگێڕدرێتەوە: شێوەیەکیان ئاسایی و گشتگیرە کە هەمان ناسنامەیە. شێوەکەی تری ڕۆنانێکی پسپۆرانەیە لە کۆمەڵێ دەقی فەلسەفیدا، کە لەم حاڵەتەدا بە شێوەی (اینهمانی) وەرگێڕدراوەتەوە کە لە کوردیدا بە شێوەی «ئەمئەویێتی» بەکاری ئەبەین.

دانانی ئەم دوو هاوواتا جیاوازە بۆ یەک زاراوە ئەوەمان بۆ دەرئەخا کە ئەم زاراوەیە هەڵگری دوو واتای جیاوازە: (اینهمانی) و (هویت). لێرەدا دەتوانین زۆر خێرا و بە کورتی ئاوڕ بدەینەوە لە ڕوانگەی یەکێک لە ڕەخنەگر و تیۆریداڕێژە ناسراوەکانی سەدەی بیستەم کە ئەویش پۆل ریکۆرە. ریکۆر پێی وایە زاراوەی ئایدێنتیتی لە ناخی خۆیدا هەڵگری دوو واتای تەواو لێک جیاوازە. ئەو دوو واتایەش لە ئینگلیزیدا بە selfhood و sameness ناو براوە. selfhood واتە خودیەتی و کێیەتی، sameness واتە هاوشێوەیی و وێکچوویی. زۆربەی هەرە زۆری بە کار هێنانەکانی ئەم زاراوەیە لە لایەن کەسە جیاجیاکانەوە و لە ڕاگەیێنەرە گشتییە جیاجیاکاندا تیشک دەخاتە سەر دەلالەت و واتا و مانای یەکەمی ئەم زاراوەیە کە ئەویش خودێتیە. بە واتایەکی تر، لە بە کارهێنانی زاراوەی (هویت) یان ناسنامە و شوناسدا لە زۆربەی هەرە زۆری کاتەکاندا مانای یەکەمی ئەو زاراوەیە ڕەچاو کراوە کە خودێتیە، کەچی ئەم زاراوەیە هەڵگری مانایەکی ترە کە ئەویش هاوشێوەییە.

لێرەدا بۆ ڕوونکرنەوی باسەکە ناچارم ئاماژە بۆ نموونەیەکی سادە بکەم. ئەم زاراوەیە لە مانای یەکەمی خۆیدا بە شێوەیەکی پێشتر پیناسەکراو لە بەرچاو گیراوە. واتە کە ئەڵێین ناسنامەی کوردی، یان شوناسی کوردی، خێرا ئەکەوینەوە بیری کۆمەڵێ بەش و توخمی پێکهێنەری ئەو ناسنامەیە وەکوو زمان و ئەدەب و مێژوو و ئایین و جوگرافیا و یان سەرچەشنەکان (archtypes) و بیروبڕوای ئایینی و فەرهەنگی و سەرجەم بەشە جیاجیاکانی

سیستەمێکی فەرهەنگی کە کۆی ئەمانە ئەو پێکهاتەیە دروست ئەکەن کە پێی ئەڵێن ناسنامەی کوردی. ئەمە مانا باوەکەی شوناس یان ناسنامەیە. کە چی لە مانای دووەمیدا کە ئەڵێین ناسنامەی کوردی، چیدی ئاوڕ لەو بەشە پێکهێنەرانە نادەینەوە، لەبەر ئەوەی کە ئەگەر ئێمە تەنها ئاوڕ لەزمانی کوردی بدەینەوە وەک یەکێک لە بەشە پێکهێنەرەکانی شوناسی کوردی، لە ئاکامدا لێکۆڵینەوەکەمان لێکۆڵینەوەیەکی زمانناسانەیە. ئەگەر ئێمە تەنها ئاوڕ لە ئەدەبی کوردی بدەینەوە وەکوو بەشیک لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ناسنامەی کوردی، لە ئاکامدا لێکۆڵینەوەکەمان لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبییە. ئەگەر ئێمە بێین تەنها باسی توخم و رەهەندە جیاجیاکانی پێکهێنەری شوناسی کوردی بکەین وەکوو: فۆلکلۆر و بەشە فەرهەنگیەکان و گاڵتەو گەپ و قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و مەتەڵ و تەنانەت شێوەی نان خواردن و هەستان و دانیشتن و جل و بەرگ، لەم کاتەدا لێکۆڵینەوەکەی ئێمە زیاتر لێکۆڵینەوەیەکی (مردم شناسانە) یان جەماوەرناسانە و مرۆڤناسانەیە. کەوابێ ئێمە لە سەر شوناس یان (هویت) قسەمان نەکردووە. هەر بەو بۆنەوە لە سەرجەمی ئەم باسانەدا، واتە لە باسکردن لە سەر رەهەند و توخمە پێکهێنەرەکانی شوناسی کوردیدا ئێمە لە بابەتی سەرەکی باسەکە دوور کەوتووینەتەوە کە ئەویش باسکردنە لە سەر ناسنامەی کوردی. بە واتایەکی تر، لە جیاتی باسکردن لە سەر ناسنامە و شوناسی کوردی، خۆمان سەرقاڵ کردووە بە باسکردنی هەندێ شتی ترەوە وەکوو زمانی کوردی و ئەدەب و هونەری کوردی و فۆلکلۆری کوردی و مێژووی کورد، کە لێکۆڵینەوەکەمان لەم حاڵەتانەدا ئەبنە لێکۆڵینەوەیەکی زمانناسانە، لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و هونەری، لێکۆڵینەوەیەکی جەماوەرناسانە یان مێژوویی، هەربۆیەش لە باسە سەرەکییەکە دوور کەوتووینەتەوە. ئەمرۆکە لێکۆڵینەوە لەم پرسە بەم شێوەیە وەکوو پەتایەکی لێهاتووە، واتە هەموان باسی ناسنامەی کوردی دەکەن خێرا دەچنە سەر باسکردن لە پێناسە و تایبەتمەندییەکانی زمان و ئەدەب و فەرهەنگ و مێژووی کورد. بە واتایەکی تر، بە باسکردن لەسەر زمان کوردی و ژمارەی کوردان و فۆلکلۆری کوردی و مێژووی کورد لە ئەنجامدا دەڵێن ئەمەیە ناسنامەی کوردی.

ئەوان پێناسەکردنی ناسنامەی کوردییان لەگەڵ شیکردنەوەی پێکهاتە و هۆکارەکانی بەرهەمهێنانەوەی رەهەندە ئایدیۆلۆژیکەکانی ناسنامەی کوردی تێکەڵ کردووە. هەر بەم بۆنەوە لە باسکردن لە سەر شوناسی کوردی ئەبێ واز لە مانای یەکەمی ئەو زاراوەیە بێنین کە مانای خودێتیی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە. ئەبێ بگەڕێینەوە سەر مانا و دەلالەتی دووەمی ئەم زاراوەیە کە بریتیە لە sameness یان هاوشێوەیی، لێرەدا رێک بە پێچەوانەی حاڵەتی یەکەم، بە مەبەستی باسکردن لە ناسنامەی کوردی، ئەبێ باس لەو سابجێکتیڤیتی (subjectivity) یا زەینییەتانە بکەین کە ئەو ناسنامەیەیان پێکهێناوە. واتە ناسنامەی کوردی وەکوو هەر ناسنامەیەکی تر پێکهاتووە لە کۆمەڵێ سابجێکتیڤیتی یان کۆمەڵێک زەینیەت. باسکردن و شیکردنەوەی ئەم سابجێکتیڤیتیانە لە راستیدا باسکردنی ناسنامەی کوردییە.

پێش ئەوەی زیاتر ئەمەتان بۆ روون بکەمەوە، دەبێ بڵێم ئەم میتۆدەی شیکردنەوەی ناسنامە میتۆدێکی پەراوێزخراوە و زۆر بە دەگمەن لە گوتارە رۆشنبیری و تەنانەت ئاکادیمیکەکاندا دەردەکەوێ. لە توێژینەوەکانی

ڕۆژهەڵاتناسەکانیشدا تا ڕادەیەک بە تەواوی ونە. ئەم میتۆدەی شیکاریی ناسنامە پشتی بەستۆتە بۆچوونە فەلسەفی و دەروونشیکارانەکان لە تیۆریی فەرهەنگیی و ڕەخنەیی هاوچەرخدا.

لێرەدا ئەتوانم نموونەیەکی زۆر سادەتان بۆ باس بکەم: کە ئەڵێین "من کوردم" دوو جۆر میتۆد هەیە بۆ شیکردنەوەی ئەم گوزارەیە. واتە، لە لایەکەوە، بۆ پێناسەی "من" کەڵک لە "کورد" وەر بگرین و، لە لایەکی ترەوە و ڕێک بە پێچەوانەوە بۆ تێگەیشتن لە "کورد" ئاوڕ لە ناسنامەی کەسەکە بدەینەوە. ئەگەر ئەم گوزارەیە شی بکەینەوە، من کوردم، یانێ بۆ پێناسەی "من" ئەبێ کەڵک لە واژەی کورد وەربگرین. لێرەدا وڵامی پرسیاری "کورد کێیە؟" گەلێک لە پرسیاری "من کێیە؟" سادەترە. هەموان دەزانن کورد ئەو کەسەیە کە لەو شوێنە جوغرافیاییە تایبەتەدا نیشتەجێیە، کورد ئەو گەلەیە کە ئەدەبێکی هەیە، میراتێکی کەلەپووریی هەیە، کورد ئەو گەلەیە کە خاوەنی سیستەمێکی جەماوەرناسانەی تایبەتە، فولکلۆرێکی تایبەت بە خۆی هەیە، مۆسیقا و زمان و ئەدەب و هونەر و ئایین و فەرهەنگی تایبەت بە خۆی هەیە. کەواتە لیرەدا بۆ ناسینی زیاتری وشەی (من) کەڵک لە کورد وەرگیراوە کە پێشتر پێناسەکراوە. لێرەدا وەک دەزانرێ پێویستە زانیاریی تەواومان هەبێ دەربارەی سەرجەم بەشە پێکهێنەرکانی شوناسی کوردییەوە. بەڵام با لە بیرمان نەچێتەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی پسپۆڕانە باسی زمانی کوردی بکەین، ئەوا لێکۆڵینەوەیەکی زمانناسانەمان پێشکەش کردووە و هەر بە هەمان شێوە گەر باسی فۆلکلۆری کوردی و بەشە جیاجیاکانی بکەین ئەوا لێکۆڵینەوەیەکی جەماوەرناسانەمان ئاراستە کردووە. گەر باسی مێژووی کورد بکەین، ئەوا بووینەتە مێژووڤان و دیرۆکنووس. لەسەرجەم ئەو حاڵەتانەدا ئێمە نەهاتووین بە جیدی و بە شێویەکی وردەکارانە ئاوڕ لە چەمکی ناسنامەی کوردی بدەینەوە. لێرەدا کە کەسەکان لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیاندا هەندێ گوزارەی گشتیش ئاراستە ئەکەن و لەم و لەو یەک دوو فاکت ئەهێننەوە و باسەکەیان لەسەر ناسنامەی کوردی کۆتایی پێ دەهێنن.

بەڵام لە ڕوانگەی دووەمەوە، ڕاست بە پێچەوانەوە، بە یارمەتی بۆچوونە دەروونناسانەکان و لە جیاتی پێناسە کردن و لێکۆڵینەوەی زاراوەی کورد، باس لە جۆرە جیاجیاکانی "من" ئەکەین. ئایا لێرەدا مەبەست لە (من) خود یان ego یە، مەبەست (ضمیر)ە، مەبەست (زەین)ە، ئاخۆ مەبەست سووژەیە، گەلۆ مەبەست (من)ێکی بڕیاردەرە یان منێکی داگیرکراو و تێکشکاو؟ ناسنامەی ئەم (من)ە لە چی پێکهاتووە؟ هەر بە هەمان شێوە، گەر "من" خود بێ، مەبەست کام خودە؟ وەک دەزانن لە تیۆریی ڕەخنەییدا باس لە چەندین جۆری جیاجیای خود دەکرێ. هەوڵدان بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە ناسنامەی من، هەوڵدان بۆ ناسین و پۆلێن کردن و شیکردنەوەی ئەو زەینییەتە جیاجیاگەلە کە (من)یان پێکهێناوە. کەواتە ڕستەیەکی ساکاری وە کوو "من کوردم" دەتوانرێ بە دوو شێوەی تەواو جیاواز لێک بدرێتەوە. لە حاڵەتی یەکەمدا کەڵکمان لە مانای یەکەمی Identity یان ناسنامە وەرگرتووە، لە حالەتی دووەمدا کەڵکمان لە مانای دووەمی Identity وەرگرتووە.

**محەمەد ڕەحیمی:** ئایا دوو گوزارەی (من) و خودی (کورد)ە کە ناتوانێ یەک گوزارەی تر بەدی بێنێ. ئەو کێیەتی یا خۆیەتییە کە لە تاکەکاندا ئەبینرێ، ئەویش لە دیدگایەکی کۆمەڵەوە، کە کوردەکە سنوورێک پێک بێنێ لە بەینی خود لەگەڵ خودگەلێکی تردا. ئەو کێیەتیە ئەتوانێ وەک گوزارەیەکی نوێ بەدەست بێ لە تاک و کۆ، وەکوو فەردەکە

که (من)ێتی یەکە، کێیەتیەکە یا خۆیەتیەکەی خۆی و لە لایەکەوە کوردە، لێرەدا ئایا گوزارەیەکی نۆی بە دیدێکی نوێوە لە تاک و کۆمەڵدا پێش دێ یان نا؟

**د. سەجادی:** دوو بۆچوونی تەواو لێک جیاوازە. جەنابت لە دەستەواژەی خودێتی کەڵک وەردەگری. ئەمە واتە بۆچوون و شێوە روانینێکی دەروونناسانە و دەروونشیکارانە، بەڵام بەکارهێنانی (کورد) زیاتر هەڵگری واتایەکی کۆمەڵناسانەیە. واتە لە حاڵەتی یەکەمدا سەروکارت لەگەڵ تاکەکەسدایە. خوێندنەوەی (خود)، زێهنییەتی خود، یا وەک لە فارسیدا دەڵین (روانکاوی خود) یا (روانکاوی نفس) یان دەروونشیکاریی خود. بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا شێوە روانین و بۆچوونەکە زیاتر کۆمەڵناسانەیە. یانێ دوو شێوەی تەواو لێک جیاوازن. حالەتی یەکەم تایبەتە، حاڵەتی دووەم گشتیە. حاڵەتی یەکەم تاکەکەسە، حاڵەتی دووەم کۆمەڵگایە، شێوە روانین و بۆچوونی بە کار هێنراو بۆ لێکۆڵینەوە لە حاڵەتی یەکەمدا شێوە روانینێکی دەروونناسانە و دەروونشیکارانەیە، لە حاڵەتی دووەمدا شێوە روانینێکی کۆمەڵناسانەیە.

لە هەرکام لەم حاڵەتانەدا دیسانەوە رووبەڕووی چەندین چەمکی جیاواز و چەندین پۆل تێوریی جیاواز ئەبینەوە. بۆ نموونە: لە لێکۆڵینەوە لە (من)، رووبەڕووی چەندین جۆر (خود) ئەبینەوە کە هەندێکیان ریتین لە: خودی ئەقڵانی (rational ego)، خودی سووژە (منی زێهن، منی سووژە)، خودی بڕیاردەر، خودی یەکگرتووە. هەڵبژاردنی هەر کام لەو زاراوانەی سەرەوە دەمانخاتە نێو پارادایم و گوتارێکی تیۆریکی تایبەتەوە.

فرۆید باسی منی تێکشکاو و منی ناهاوسەنگ دەکات، ئادۆرنۆ باسی منی بەلاڕێدابراو دەکات، دریدا باسی منی ناوەندبێز یان دژەناوەندخواز دەکات. بەڵام. هەر وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، لە نێوان ئەم جۆرە جیاجیایانەی (من)دا ئەمرۆژە بە شێوەیەکی گشتی زیاتر پێداگری لە سەر یەکێک لەو هاوواتایانە دەکرێ کە ئەویش (من)ی سووژە یان (من)ی (تبعە)یە، ئەو (من)ە کە ناسنامەکەی بەستراوە بە شتێکی ترەوە. لێرەدایە دەوری گرنگی ئەویتر یان ئەوی دیکە لە لێکۆڵینەوە لە ناسنامەی خوددا قوت دەبێتەوە. ئەوەی کە لێرەدا ئەویترەکە کامەیە بۆخۆی دیسانەوە روانگەی فیکریی توێژەرەکە نیشان دەدات.

بە مەبەستی تێگەیشتن لە ناسنامەی خود پێویستە سەرەتا باس لە ناسنامەی ئەویتر بکەین. واتە بۆ ناسینی خود پێویستە سەرەتا پەنا ببەین بۆ ناسینی ئەویتر، چوونکە ئەمە ئەویترە کە ناسنامەی خودی پێکهێناوە. ئەم بەشە لە قسەکانی من بە تەواوی هێگلی-یە. رەنگە هێگل یەکەم فەیلەسووف بووبێ لە مێژووی فەلسەفەدا - بە تایبەت لە بەشی سێهەمی کتێبی *دیاردە ناسیی رۆح* دا- کە ئەم باسەی هێناوەتە ئاراوە لە لێکۆڵینەوە لە دیالکتیکی خودا و بەندەدا، یان ئەرباب و کرێکار و ئەوەی کە بوونی چەمکی ئەویتر لە کیانی ئێمەدا چەندە گرنگ و کاریگەر و چارەنووسسازە. ئەمەش زۆر سەرەنجڕاکێشە کە سەرنج بدەینە ئەم خاڵەی کە لە سەرجەم نووسینەکانی نەریتی فەلسەفیی ئایدیالیزمی ئەڵمانیدا– کە هێگل گەورەترین فەیلەسووفی ئەو نەریتەیە- واژەی identity بە مانای sameness (لە فارسیدا "اینهمانی") بەکارهێنراوە نەک بە مانای شوناس.

**ئەحمەدی نیا:** لە سەر ئەو بابەتەی هێگل پرسیارێکی تر سەر هەڵئەدات، لە زانستی سیاسیدا شوناس وەک شوناسی سیاسی شرۆڤە دەکرێ. بەپێی ئەو بیرۆکەیە بنەمای شوناسی مرۆڤ لە رۆژی لە دایکبوونەوە دائەنرێ، بەڵام حەز و ویستەکانی مرۆڤ بە هۆی کارتێکردنی دەرەکی بەردەدام لە گۆڕاندایە، لەبەرانبەر ئەم بۆچوونەدا، روانگەی هێگل و مارکس هەیە کە پێی وایە شوناسی تاکەکەسی و سیاسیی تاکەکان لە سەرەتا و لە ئەزەلەوە دیاری نەکراوە، بەڵکوو شوناسی تاکەکان لە رەوتێکی زەمەنیدا قەوارە دەگرێ کە بەردەوام حاڵەتی دانوستانی (**Interaction**) هەیە. بەم جۆرە شوناسی تاکەکان بەرهەمی پێوەندی و هەڵسوکەوتی ئەوانە لەگەڵ دەوروبەری خۆیاندا. راتان لەم بارەوە چیە؟

**د. سەجادی:** دڵنیام مەبەستتان مارکس-ی لاوە، واتە مارکس-ی پێش 1845. سەرەتا دەبێ ئاماژە بە بابەتێ بکەم کە دەستە واژەگەلێ وەکوو شوناسی سیاسی، شوناسی ئایینی، شوناسی ئیتنیک (یان قەومی)، شوناسی فەرهەنگی، ئەمانە لە راستیدا سابجێکتیڤیتەی سیاسین، سابجێکتیڤیتەی ئایینین، سابجێکتیڤیتەی نەتەوەیین و هتد. کە دەڵێین شوناسی سیاسی، ئەمە بەو مانایەیە کە لە شوناسی ئەو سووژەیەدا جگە لە کۆمەڵێ بیروباوەڕی سیاسی، هیچی تر بوونی نیە کە ئەمەش بە تەواوەتی هەڵەیە، چوونکە هەر وەک وتمان شوناس پێکهاتووە لە چەندین سابجێکتیڤیتە؛ بەرجەستە بوونی یەکێک لەو سابجێکتیڤیتیانە ئەبێتە هۆی ناوزەدکردنی شوناسەکە بە ناوی ئەو سابجێکتیڤیتە دیاریکراوەوە. بۆ نموونە، شوناس کە لە چەندین سابجێکتیڤیتەی جیاجیا پێکهاتووە، ئەکرێ لە ڕێگەی پرۆسەیەکەوە کە بە پرۆسەی دیالێکتیکی نێوان زێهنی inter-subjective dialectic ناسراوە یەکێک لە سابجێکتیڤیتەکان لە شوناسی سووژەدا بەرجەستە و زاڵ ببێتەوە، لەم حاڵەتەدایە کە بە سابجێکتیڤیتەی سیاسی دەوترێ شوناسی سیاسی، لەم حاڵەتەدایە کە بە سابجێکتیڤیتەی فەرهەنگی دەوترێ ناسنامەی فەرهەنگی.

زاراوەی ناسنامە یان شوناس وەکوو چەترێک وایە کە کۆمەڵێکی زۆر سابجێکتیڤیتەی جیاوازی لە ژێر خۆیدا کۆ کردۆتەوە. لە حاڵەتە جیاجیاکاندا و چۆنیەتی رووبەڕوو بوونەوەی سووژە لەگەڵ زمانی ئەو سابجێکتیڤیتە جیاوازانەدا، یەکێک لەو سابجێکتیڤیتیگەلە دەبێتە سابجێکتیڤیتەی زاڵی ناو شوناسی سووژە و لەو حاڵەتەدایە کە هەندێ چەمک سەرهەڵدەدەن وەک شوناسی سیاسی، کە وەک وتمان لە راستیدا سابجێکتیڤیتەی سیاسییە کە ئێستا گۆڕدراوە و بووە بە شوناسی سیاسی. لە بەشی دووەمی پرسیارەکەدا کە ئەو پۆلێنبەندییەی جەنابتان باستان کرد بە تەواوەتی دروستە کە ئەتوانین بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشی بکەین: لە حاڵەتی یەکەمدا وەکوو شوناسی ئەزەلی و ئەبەدییە، لێرەدا شوناس حاڵەتێکی نەگۆڕی داخراوی هەیە، لەم حاڵەتەدایە کە مانای selfhood یان خودێتی یان کێیەتی لە گەڵ خۆی هەڵگرتووە کە ئەمانخاتەوە بیری کۆمەڵە واتایەکی تر وەکوو: کە ئەڵێین شوناسی سیاسی، واتە ئەو کەسەی کە هەڵگری شوناسی سیاسییە، کەسێکی یەکگرتوو و یەکپارچە و بڕیاردەر و خودبەڕێوەبەرە. کەچی راست بە پێچەوانەوە، لە روانگەیەکی بەتایبەت هێگلیەوە ئێمە بەو دەرئەنجامە ئەگەین کە شوناس بەردەوام ناتەواوە. شوناس هیچ کاتێ رواڵەتێکی کامڵ و داخراو و یەکگرتوو و وەستاو ناگرێتە خۆی. هۆکارەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ رووبەڕوو بوونەوەی بەردەوامی سووژە لەگەڵ زماندا، ئەو زمانەی لە لایەن ئەنستیتۆتە جیاجیاکانەوە ئاراستەی سووژە دەکرێ. سووژە وەکوو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لە رووبەڕوو بوونەوەی بەردەوامدایە لە گەڵ زمانە جیاجیاکانی ئەنیستیتۆتە جیاجیاکاندا، ئەم ئەنیستیتۆتانە پێکهاتوون لە بنەماڵە، مزگەوت، سیستەمی پەروەردە، دام ودەزگا جیاجیاکانی

حکومەت، پۆلیس، زیندان، دادگا و سوپا. ئەمرۆژە زمانی ئەنستیتۆتە جیاجیاکان ژمارەیان زۆرتر بووە. لە ڕێگەی ڕاگەیێنەرە گشتییەکانەوە، ئەتوانین هەر ڕاگەیێنەرێکی گشتی وەکوو ئەنستیتۆیەک تەماشا بکەین. واتە هەر ڕۆژنامەیەک ئەنستیتۆتێکە، هەر کەناڵێکی مانگیلەیی ئەنستیتۆتێکە بۆ خۆی.

هەر کام لەم ئەنستیتۆتە جیاجیاگەلە لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە، سووژە ئەخەنە ناو حاڵەتێکەوە کە بە Interpalation یان لێپێچینەوە ناودێر کراوە. سووژە بە هۆی لێپێچینەوەی ئایدۆلۆجیکەوە بەردەوام شوناسی دەگۆڕدرێ و هەر بۆیەش شوناس هیچکات ناگاتە حاڵەتێکی داخراوی نەگۆڕی کامڵ. لەوانەیە بۆتان سەرنجڕاکێش بێ کە تەنانەت لە کاتی خەونبینینیشدا، کاتێک کە سووژە تەنهایە و خەون دەبینێ، یان لە کاتی بیرکردنەوەدا، دیسانەوە زمان زاڵە و ئەم زمانیشە زمانی سووژە نییە، بەڵکوو زمانی ئەنستیتۆتە جیاجیاکانە کە لە کیانی سووژەدا ئامادەبوونیان هەیە. هەر لە بەر ئەم هۆکارە، دیالێکتیکی نێوانزێهنی لە ناوەوەی سووژەدا بەردەوام لە ئارادایە و بە هۆی ئەم ئامادە بوونە بەردەوامەوە، شوناسی سووژە هیچکاتێک تەواو و داخراو و نەگۆڕ نییە، بەڵکوو بەردەوام لە ئاڵوگۆڕدایە.

بابەتێکی زۆر سەرنجڕاکێش کە پێویستە باسی بکەین ئەوەیە کە ململانێی نێوان گوتار و ئەنستیتۆتە جیاوازەکانی دەرەوەی کیانی سووژە دەگۆڕدرێ و دەبێتە ململانێی نێوان سابجێکتیڤیتیە جیاوازەکانی ناو سووژە؛ کەواتە هەر هەمان ململانێ کە لە دەرەوەی سووژەدا (بەواتایەکی ڕوونتر لە کۆمەڵگادا) لە نێوان گوتار و ئەنستیتۆتە جیاوازەکاندا لە ئارادایە، هەمان ململانێ لە نێوان سابجێکتیڤیتە جیاوازەکانی ناو شوناسی سووژەشدا لە ئارادایە. ئەم ململانێیانە لە دوو حاڵەتدا خۆیان ئەبیننەوە، واتە دیالێکتیکی نێوانزێهنی لە ناوەوەی کیانی سووژەدا لە دوو حاڵەتدا خۆی ئەبینێتەوە کە دەتوانین حاڵەتی یەکەم بە حالەتی وێرانکەر و حاڵەتی دووەم بە بنیاتنەر ناوزەد بکەین، واتە دیالێکتیکی نێوانزیهنیی وێرانکەر و دیالێکتیکی نێوانزێهنیی بنیاتنەر. لە حاڵەتی یەکەمدا یەکێک لە سابجێکتیڤیتەکان دەبێتە سابجێکتیڤیتەی زاڵی کیانی سووژە. لە حاڵەتی دووەمدا هیچ کام لە سابجێکتیڤیتەکان ناتوانن ببن بە سابجێکتیڤیتیی زاڵ. لە حاڵەتی یەکەمدایە کە کۆمەڵە دەستەواژەیەک وەکوو شوناسی سیاسی، شوناسی ئایینی، شوناسی کلتووری، شوناسی نەتەوەیی و شوناسی قەومی دێنە بەکارهێنان.

**محەمەد ڕەحیمی:** ئا لێرەدا ئایا پارادوکسێک لە نێوان دەروون و بیروون دا کە پێش دێت بە شێوەی تەعامول و سازگاری، لە نێوان کەسەکان و کۆمەڵگا پێش دێت یا ئەوەی کە بە شێوەیەکی دژایەتیە؟

**د. سەجادی:** هەردوو حاڵەتەکە لە ئارادایە. حاڵەتی یەکەم کە وەکوو تەعامول و سازگاری ئاماژەتان پێکرد، ئەتوانی وەکوو دیالێکتیکی نێوانزیهنی کانستراکتیڤ و بنیاتنەر (برسازندە) لێکی بدەینەوە لە حاڵەتی دووەمدا ئەتوانین وەکوو دیستراکتیڤ (وێرانگەر) باسی بکەین. ئەنستیتۆتە ئایدۆلۆجیکە جیاوازەکان هەرکامیان دوا ئامانجیان ئەوەیە کە ڕواڵەتێکی زاڵ ببەخشنە سابجێکتیڤیتەی خۆیان لە ناو کیانی سووژەدا.

**محەمەد ڕەحیمی:** ئالێرەدایە کە قەیران پێش دی؟

**د. سەجادی:** ئەگەر سووژە نەتوانێ هاوسەنگییەک لە نێوان سابجێکتیڤیتیە جیاواز و پێکهێنەرەکانی شوناسی خۆیدا پێک بهێنێ، قەیران سەرهەڵدەدات. کەواتە، ئەو دەستەواژەیە کە پێی ئەوترێ قەیرانی شوناس یان (بحران هویت) پێوەندی راستەوخۆی هەیە بە بابەتی باسەکەی ئێمەوە کە پێوەندی نێوان زمان و ناسنامەیە. ئەگەر چی بە رواڵەت وا نیە، بەڵام ئەگەر توزێ لێکی بدەینەوە تێئەگەین کە ئەگەر سووژە سەرنج نەداتە زمانی زگماکی خۆی، ئەگەر لە ناو کیانی سووژەدا زمانی زگماکی رواڵەتی سابجێکتیڤیتەی زاڵ نەگرێتە خۆ، ئەوا سووژە تووشی لەخۆنامۆیی ئەبێ. لەم حاڵەتەدا، لە حاڵەتی زاڵ نەبوونی زمانی زگماکی لە ناو کیانی سووژەدا، دیالێکتیکی نێوانزێهنیی رووخێنەر دێتە ئاراوە و ئەگەر سووژە نەتوانێ زمانی زگماکی خۆی وەکوو سابجێکتیڤیتەی زاڵ لە ناوەوەی کیانی خۆیدا دابنێ، قەیرانی شوناس سەرهەڵئەدا کە دەرئەنجامەکانی گەلێک زۆر و نەرێیانەن. ئەمەیە کە پێوەندی نێوان زمان و ناسنامە پێوەندی راستەوخۆی هەیە بە چەمکی قەیرانی شوناسەوە.

**ئەحمەدی نیا:** روانگەی تازە بۆ چەمکی شوناس روانگەی رەخنەیی هاوچەرخە کە چەند بواری جیاواز ئەگرێتە خۆی، واتە شوناس بۆ پێناسەکردنی خۆی لە زانست و بوارگەلی وەکوو: فەلسەفە، تۆیژینەوەی فەرهەنگی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و زانستی مرۆڤناسیی پێکهاتەخواز و پاش‌پێکهاتەخواز کەڵک وەردەگرێ، هۆکاری چیە لێکۆڵینەوە لە شوناس لەم گشت بابەتە سوود وەردەگرێ و ئەمجۆرە لە ئاڵۆزی و تێک ئاڵاوییە بە دەوریدا دروست ئەبێ؟

**د. سەجادی:** ئەم لقە جیاجیا زانستیانە کە جەنابت ئاماژەت بۆ کردن، لە جیهانی ئەمڕۆدا روانینێکی«دژەدیکارتی»یان هەیە. لە روانگەی دیکارتەوە وەکوو پێشەنگی فەلسەفەی مودێڕن، وەکوو بناغەدانەری بیرکاری و مەنتیقی مودێڕن، مرۆڤ کەسێکی بڕیاردەرە، سووژە بە تەواوەتی لە ئوبژە جیایە، سووژە دەتوانێ کونترۆڵی تەواوی هەبێ بەسەر ئوبژەدا، سووژە دەتوانێ بڕیاری خۆناسینی خۆی بدات، سووژە شتەکانی دەرەوەی کیانی خۆی دەکا بە ئەویتر، خۆی دەکات بە ناوەند و ئەویتر دەکا بە پەراوێز و هەر بۆیەش روانگەی خۆبەناوەندزانان لەلایەن رۆژهەڵاتناسەکانەوە کاریگەرێتی فەلسەفەی دیکارتی لە سەرە. دیسانەوە بە ناوەند دانانی رۆژئاوا کە دەرئەنجامەکەی دەبێتە پەراوێز خستنی رۆژهەڵات، هاوتەریبە لەگەڵ مامەڵەی سووژەی مۆدێرنی رۆژئاوایی لەگەڵ چەندین دوانەی تردا. لێرەدا رووبەرووی کومەڵێک دووانەی لێکدژ دەبینەوە کە ئەم دووانە لێکدژانە بریتین لە : خود- ئەویتر، روژئاوا- رۆژهەڵات، پیاو- ژن، ئەقڵ- هەست، ناوەند-پەراوێز، داگیرگەر و داگیرکراو.

مێژووی مودێڕنیتەی رۆژئاوایی لە راستیدا مێژووی زاڵبوونی یەکێک لەم دوانە لێکدژانەیە بەسەر ئەویتردا، واتە مێژووی مودێڕنیتەی رۆژئاوایی لە سێ چوار سەدەی رابرووداا بریتیە لە زاڵبوونی رۆژئاوا بەسەر رۆژهەڵاتدا، ئەقل بەسەر هەستدا، سووژە بەسەر ئوبژەدا، ژن بەسەر پیاودا، کۆلۆنیخواز بەسەر کۆلۆنیکراودا. زاڵبوونی یەکێک لە ماکە پێکهێنەرەکانی دوانەی لێکدژ بەسەر ئەویتردا، بەتەواوەتی هاوتەریبە لە گەڵ ئەو روانگە فیکرییەی پاش رێنێسانس و یەکەم چرکەکانی سەرەتای سەردەمی مودێڕن کە لە سەرەتای سەدەی هەڤدەوە دەست پێدەکات تا ناوەڕاستی سەدەی بیست (بۆ ماوەی 350 ساڵ لە مودێرنیتەی روژئاواییدا)، هاوتەریبە لەگەڵ ئەو روانگە بەربڵاوە فیکرییەی بە (ئومانیزم) یان هیومەنیزم ناسراوە. ئەو لقە زانستیە جیاجیایانەی کە جەنابت ئاماژەت بۆ کردن، وەکوو لقە جیاکانی زانستە مرۆڤایەتیەکانی نیوسەدەی رابردوو، بە تەواوەتی دژەئومانیستین. لە روانگەی ئومانیستی یان

مروڤخوازانەی پاش دیکارتییەوە، سووژە بە تەواوەتی لە ئوبژە جیایە و دەسەڵاتی تەواوی هەیە بەسەر ئوبژەدا و خود بە تەواوەتی لە ئەویتر جیایە. بەڵام لەو لقە زانستیانەدا، شێوە روانینەکە دژەدیکارتیە، واتە لێرەدا بۆ ناسینی خود پێویستە پەنا ببەین بۆ ناسینی ئەویتر، و بۆ ناسینی سووژە پێویستە پەنا بەرین بۆ ناسینی ئەو ئەویترانەی سووژەیان پێکهێناوە. لێرەدایە کە باسەکە تۆزی وردتر ئەبێتەوە و دواتر گەر دەرفەت هەبێ دێینە سەری کە ئەویش بابەتی دابەشکردن و پۆلێنکردنی ئەویدییەکانە. واتە ئەبێ ئەم پرسیارە وڵام بدەینەوە کە سووژە لە هەمبەر چەندین جۆری جیاوازی ئەویتردایە؟ ئەم ئەویترانە کامانەن کە ناسنامەی سوژەیان دابین و چێکردووە؟ هەموو ئەم کارانەشمان لە پێناوی ناسینی زیاتری شوناسی سووژەدایە.

**محەمەد رەحیمی:** ئامانج لێرەدا بۆ باسی سووژەکانی تر، ئامانج لە بەرژەوەندییەکی تاکگەرایی یا گروپخوازییەکی تایبەتدا نییە؟ ئایا خود، ناخود، کوڵونیخواز ،کولۆنیکراو بۆ بەرژەوەندییە یا چ ئامانجێک لە پشتیەوەیە؟

**د. سەجادی:** زیاتر بۆ ناسینی رەوتی پێکهێنانی شوناسی سووژەیەکی دیاریکراوە، یانێ بە مەبەستی تێگەیشتنی زیاترە لە رەوتی پێکهاتنی شوناسی سووژە. بەڵام ئەبێ ئەوەش بڵێم کە زۆربەی هەرە زۆری لێکوڵینەوەکانی زانستە سیاسییەکان، واتە بەرهەمی ئەو کەسانەی پێیان دەڵێین دانشمەندانی علوومی سیاسی، هەندێجار هەندێ لەوان کێشەکان بە راستی سادە ئەکەنەوە. بۆ نموونە، لەوانەیە ئەوان بڵێن ئەویتری کورد لە تورکیادا تورکە، یا ئەویتری کورد لە باشووردا عەرەبە، یان ئەویتری رۆژهەڵات رۆژئاوایە. دانانی یەک ئەویتر بۆ کیانی سووژە- وەک پێشتر وتمان زیاتر لە لێکوڵینەوەکانی زانستە سیاسییەکاندا بەرجەستە بۆتەوە-، لە راستیدا ساکار کردنەوە و کورت وکۆکردنەوەی کێشەکەیە کە نەتەوەیەک وەکوو کۆیەکی هاوچەشن لە پێگەی ئەویتردا بۆ نەتەوەیەکی تر دابنێین. هەر ئەمەش ئەبێتە هۆی چاوپۆشی کردن لە چەندین میکانیزمی جیاوازی تر کە لە ئارادان، ئەمە ئەبێتە هۆی چاوپۆشی کردن لە چەندین گوتاری ئایدۆلۆجیکی تر کە لە گۆڕێدان. ئەمە رەخنەیەکە من لەو جۆرە لیکۆڵینەوانە دەیگرم. لە نووسینێکدا ئەو رەخنەیەم ئاراستە کردووە کە کورد تەنها یەک ئەویتری نیە. ئەرکی ئەو کەسانە کە لەم بوارەدا کار ئەکەن ئەوەیە کە ئەویترە جیاوازەکانی پێکهێنەری شوناسی سووژەی کوردی دەست نیشان و پێناسە بکەن و باس لەسەر ئەو خاڵە بکەن کە ئەو ئەویترانە لە رێگەی چ ئەنستیتۆتگەلێکەوە گوتاری ئایدۆلۆجیکی خۆیان لە کیانی سووژەدا زاڵ ئەکەن. ئەمە لێکوڵینەوەیەکی یەکجار بەرفراوانە، واتە لێکوڵینەوە لەو گوتارە ئایدۆلۆجیکانەی لە کۆمەڵگادا زاڵ ئەبن و هەست بە ئامادەبوونیان ئەکەین.

**محەمەد رەحیمی:** شتێک لێرەدا پێش دێ. لەم بابەتەی کە جەنابت ئاماژەت پێکرد، کورد بۆ تەعریف و پێناسەی خۆی ئەڵێ لە بەشی باشووردا عەرەب نیە، لە باکووردا تورک نیە، لێرەدا فارس نیە، بۆچی کورد پەنا ئەباتە بەر ئەوەی کە من (ئەو) یا (ئەویتر) نیە و لەگەڵ ئەویتردا جیاوازە؟

**ئەحمەدی نیا:** لە درێژەی ئەو پرسیارەدا باسێکی تر بەرجەستە ئەبێتەوە، بەپێی تێکەڵاویی کورد لەگەڵ سێ نەتەوەی فارس و عەرەب وتورکدا، رەنگە بڵێن سێ شوناسی کوردی لەدایک ئەبێ، جەنابت ئاماژەت بە شوناسی کوردی ئێرانی کردووە، ئایا ئەتوانین سێ یان چەند شوناسی کوردیی جیاجیا قەبووڵ بکەین؟ یان زیاتر لەوانەیە؟

**د. سەجادی:** زۆر لەو ژمارانە زیاترە کە ئێوە باستان کرد. بە شێوەیەکی گشتی ئەتوانین بڵێین کە ئێمە خاوەنی لانی کەم و لەم باسەدا سێ جور شوناسی کوردین لە سێ وڵاتی ئێران و تورکیا و عیراقدا. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئامادە بوونی چەندین ئەنستیتۆتی ئایدۆلۆجیکی جیاواز لەو شۆینانەدا کە هەرکام لەم ئەنستیتۆنانە هەوڵی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی گوتارێکی ئایدۆلۆجیک ئەدەن.

پێش ئەوەی زیاتر لەسەر بابەتەکە بدوێین، پێویستە هەڵوێستی خۆمان لەسەر دەستەواژەی گوتاری ئایدۆلۆجیک دەرببرێن. لە بەکارهێنانی دەستەواژەی گوتاری ئایدۆلۆجێکدا، لە راستیدا جۆرێک لە تێکەڵاویمان دروستکردووە لە نێوان گوتار و ئایدۆلۆجیدا، گوتار وەکوو یەکێک لە زاراوە سەرەکییەکانی سیستەمی مەعریفی «مێشڵ فۆکۆ» و ئایدۆلۆجیش وەکوو یەکێک لە زاراوە سەرەکییەکانی روانگەکانی«لویی ئاڵتوسێر». ئەگەر لە زاراوەی گوتار بە تەنهایی کەڵک وەربگرین، یان ئەگەر بە تەنهایی لە زاراوەی ئایدۆلۆجی کەڵک وەربگرین، لەهەر دوو حاڵەتەکەدا رووبەڕووی کۆمەڵێک کەمایەسی و خاڵی لاواز ئەبینەوە. کەواتە، بۆ بەرگریکردن لەو خاڵە لاوازانە پێویستە دەستەواژەی گوتاری ئایدۆلۆجیک پێکەوە بەکار بهێنین. لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا هەست بە چەندین جۆری جیاوازی گوتاری ئایدۆلۆجیک ئەکرێ کە ئەمانە شوناسی سووژە ئەخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە. من پێشتر لە سێمیناریک لە زانکۆی لەندەن هەوڵی پۆلێنبەندیی ئەو گوتارە ئایدیۆلۆجیکانەم داوە و بەسەر سێ بەشی گەورەدا دابەشم کردوون و بەم کارەشمەوە لە راستیدا هەوڵم داوە هەڵەی هەندێ لە شارەزایانی بواری زانستە سیاسییەکان دووبارە نەکەمەوە کە تەنها تەرکیز دەکەنە سەر یەک ئەویدی و، بە هاوچەشن و یەکگرتووی رەچاو دەکەن.

لە لایەکی ترەوە، لە ساز کردنی سابجێکتیڤیتەدا، پێویستە بەردەوام سێ ماکە ئامادە بن: ئەنستیتۆت، گوتاری ئایدۆلۆجیک کە ئەو ئەنستیتۆتە بەرهەمی ئەهێنێ و، سووژە کە ئەو گوتارە ئایدۆلۆجیکە وەرئەگرێت. لە بیریشمان نەچێ گەلێک دامودەزگاش لە ئارادان کە ئەم گوتارە ئایدۆلۆجیکە بەرهەم ئەهێننەوە. واتە دوو قۆناغی تەواو لەیەک جیاوازە: قۆناغی یەکەم بەرهەمهێنانی گوتاری ئایدۆلۆجیکە، قوناغی دووەم بەرهەمهێنانەوەی گوتاری ئایدولۆجیکە، کە لە فارسیدا دەتوانین پێی بڵێین (تولید و بازتولید گفتمان ایدئولوژیک).

لە حاڵەتی دووەمدا سووژە بۆ خۆی دەبێتە بەشێک لە میکانیزم و سیستەمی بەرهەمهێنانەوەی گوتاری ئایدۆلۆجیک. بە واتایەکی سادەتر، لەم حاڵەتەدا سووژە ئەبێتە ئەو شتەی لە فارسیدا پێی دەڵێن (کاسە داغ تر از آش) و لە کوردیدا ئەوترێ بەردی لە ئاگر گەرمتر یان کەوا سووری بەر قافڵە. واتە، سوژە لەم پێگەیەدا خۆی لە خودی ئایدیۆلۆجیکدا ideological ego دەبینێتەوە و بۆخۆی دەوری سەرەکی دەگێڕێ لە بەرهەمهێنانەوەی ئەو گوتارە ئایدیۆلۆجیکەی بە شێوەیەکی ناخودئاگا و لە لایەن ئەنستیتۆتەکانەوە و لە رێگەی زمانەوە بەسەریدا سەپێنراوە. وەک وتم، لەم حاڵەتەدا سووژە بۆخۆی ئەبێتە بەشێک لە میکانیزمی بەرهەمهێنانەوی گوتاری ئایدۆلۆجیک.

لێرەدا نابێ دەوری هەرە کاریگەر و هەرە سەرەکیی راگەیەنەرە گشتییەکان لە یاد بکەین. راگەیەنەرە گشتییە کوردییەکان (وەکوو ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت و رۆژنامەکان و کاناڵە جیاجیاکانی تەلەڤیزیون و رادیۆ) کە لە رواڵەتدا بە

مەبەستی ساز کردنی گوتارێکی یەکپارچەی نەتەویی هاتوونەتە بوون، لەبەر جیاوازیی ئایدۆلۆجیک، ئەو راگەیێنەرانە بۆ خۆیان دەوری هەرە سەرەکییان هەیە لە شێواندن و پارچە پارچە کردنی شوناسی کوردیدا. نموونەکان لێرەدا یەکجار زۆرن.

**محەمەد رەحیمی:** ئەتوانین لێرەدا بەو نەتیجە و ئاکامە بگەین کە ئامانجێکی هاوبەش نیە، یا بە واتایەکی تر شوناسێک پەیڕەو ناکەین کە یەک ئامانجی هەبێ؟ رەنگە لای خەڵک ئەو ئامانجە نەبووبێتە خەونێک. بۆ نموونە لە کرماشاندا رێنووسی جیاواز دائەنرێ، لە موکریان شێوازێکی ترە، لە سنە و سلێمانیدا رێنووسێکی تر لەئارادایە. ئامانجێک لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بە تاکەکانیەوە یا بە شوێن و ناوچەکانیەوە نابینرێ کە هاوبەش و وەک یەک بێت و ببێتە سووژەیەک کە خواستی ئەو گەلە یا ئەو نەتەوەیە بێت. ئایا شوناسێکی نەتەوایەتی لەناو کورددا بەدی هاتووە یان نا؟

**د. سەجادی:** شوناسی نەتەوایەتی لە ناو کورددا هێشتا لە قۆناغی سابجێکتیڤیتەیەکی لاواز و کرچ و کاڵدایە. تەنها ریگەی بەرجەستە کردنەوەی ئەم سابجێکتیڤیتە کرچ و کاڵە، رووبەڕوو بوونەوی سووژەیە لەگەڵ ئەو گوتارەی کە چیدی بانگەشە بۆ ئایدۆلۆجیەکی دیاریکراو و سنووردار ناکا. لێرەدا دەتوانین بڵێین تەتانەت شێوەی رێنووسی جیاجیا لە شار و ناوچە جیاجیاکاندا و لە راگەیێنەرە گشتییە جیاجیاکاندا، پاش ماوەیەک بۆ خۆی ئەبێتە گوتارێکی ئایدۆلۆجێک. کە ئەڵێین گوتاری ئایدۆلۆجێک، خێرا زەین ئەڕوا بەرەو لای هەندێ حیزب و گروپ و لایەن وەکوو بیروبڕوا و ئایین و دین، کەچی لە روانگەی منەوە تەنانەت پێداگری لەسەر شێوەی رێنووسی جیاواز و تایبەت، بۆ خۆی گرێدراوی گوتارێکی ئایدۆلۆجیکە و ئەم گوتارە ئایدۆلۆجیکە جیاجیایانە، ریگری دەکەن لە زاڵبوونی سابجێکتیڤیتەیەکی نەتەوایەتی لە ناو کیانی سووژەدا، کە لە ئاکامدا وەکوو شوناسی نەتەوایەتی ناوی لێ بەرین کە من ئیستاکەش پێم وایە ئەو پرۆسەیە بەتەواوەتی سەری نەگرتووە و لە حاڵەتی سابجێکتیڤیتەیەکی کرچ و کاڵدا ماوەتەوە کە چەندین ساڵ لەمەوبەر لە هەڤپەڤینێکدا سەبارەت بە رەوتی گەشەی سووژەی کوردی بە قۆناغی ئاولەمیی ناودێرم کردووە؛ واتە لە دایک بووە، بەڵام زۆر ساوایە. وەک وتم نموونەکان یەکجار زۆرن و من تەنها پەنجەم خستە سەر پرسی رێنووس.

**محەمەد رەحیمی:** ئەتوانێ کێشەیەک لە نێوانی فرەزمانی و فرەدیالێکتیکی دا هەبێت؟

**د. سەجادی:** مەسەلەی فرەزمانی و فرەزاراوەیی شتێک نییە تایبەت بێ بە کورد. لە هەموو نەتەوەکاندا ئەم مەسەلەیە هەیە. بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی خەڵکی باکووری بەریتانا لەگەڵ کەسێکی خەڵکی باشووری ئەو وڵاتەدا قسە بکات، لەوانەیە لە یەکتر تێنەگەن، بە هەمان شێوە لە ئێرانیش ئەگەر پیرەمێردێکی خەڵکی (مەشهەد) لەگەڵ هاوتەمەنێکی (بووشەهر)یدا پێکەوە قسە بکەن، لەوانەیە لە قسەی یەک حاڵی نەبن، بەڵام هەموویان لە هەواڵەکانی کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆی رادیۆ و تەلەڤیزیۆن تێدەگەن. ئەم کێشەیە لە ناو عەرەبیشدا هەیە و لەوانەیە لە ناو عەرەبدا لە هەموو نەتەوەکانی تر زیاتر بێ کە ئەویش هەبوونی چەندین زاراوەی جیاجیایە لە ناو عەرەبدا، کە چی هەموویان لە زمانێک بە نێوی عەرەبی (فصحە) کەڵک وەر ئەگرن و هەمووشیان لێی تێئەگەن. کەواتە لە کوردستاندا

کێشەکە کێشەی فرەزمانی و فرەزاراوەیی نیە، چوونکە ئەمە کێشە نییە و بگرە  لە هەموو شوێنێکدا هەیە. دووەم ئەوەی کە، راست بە پێچەوانەوەی دیدی زاڵەوە، گەشە و نەشونمای زاراوە جیاجیاکانی زمانی کوردی لە سەردەمی میرنشینە جیاجیاکاندا لە ئەنجامدا قامووسێکی دەوڵەمەند و بەرفراوانی وشەیی بۆ وەدیهێناوین کە رەنگە لە کەمتر زمانێکدا ئەم شتە روویدابێ. بە پێچەوانەوە، ئەم تایبەتمەندییە وای کردووە کە زمانی کوردی سەرەڕای نەبوونی دەقە جیاجیاکان ئێستاکە دەتوانێ بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش هەردەم لە گەشەکردندا بێ. کێشەکە لێرەدا شتێکی ترە و ئەویش نەبوونی زمانی یەکگرتووە. وەک وتم لە هەموو زمانەکاندا فرەزاراوەیی هەیە، بەڵام ئەوان شتێکیان هەیە کە ئێمە نیمانە و ئەتوانین ناوی بنێینە زمانی یەکگرتوو یان پێوەر.

**محەمەد رەحیمی:** ئێمە چەند فاکتۆرمان هەیە بۆ پێناسە کردنی ئەو شوناسە؟ زمان تا چەنێ ئەتوانێ بار هەڵگری گواستنەوەی ئەو شوناسە بێ لە ناو سووژەدا؟

**د. سەجادی:** باسکردن لە پێوەندی نێوان شوناس و زمان باسێکی فرەرەهەنە و ئاڵۆزە و تیۆریکە. لێرەدا ئەبێ ئێمە ئاوڕ بدەینەوە لەو ساتانەی زمان لە رێگەی بە کار هێنانی ماکەی ئایدۆلۆجیکەوە، ئەبێتە هەڵگری رەهەندێکی ئایدۆلۆجیک. واتە زمان ئەگۆڕدرێت و ئەبێتە زمانی ئایدۆلۆجیک و ئەم زمانە ئایدۆلۆجیکە، لە دوا ساتدا شوناسی سووژە ئەکا بە شوناسێکی ئایدۆلۆجیک. لە زۆربەی هەرەزۆری کاتەکاندا، شوناسی سووژە شوناسێکی ئایدۆلۆجێکە، چونکە لە رێگەی زمانێکی ئایدۆلۆجیکەوە بەرهەم هێنراوە. زمان لە دوو قوناغی جیاوازدا و لە دوو رێگەی جیاوازەوە کیانی سووژە ئەخاتە ژێر کاریگەرێتی خۆیەوە: یەکەمیان قۆناغی منداڵییە کە لێرەدا مەبەست لە زمان، زمانی زکماگییە. قۆناغی دووەم، قۆناغی گەورەیی و ناوەڕاستی تەمەنە، کاتێ کە سووژە پێشتر زمانی زکماگی وەرگرتووە.

لە هەر دوو حاڵەتە کەدا زمان کاریگەرێتی قووڵ لە سەر شوناسی سووژە دائەنێ. لەهەر دوو حاڵەتەکەدا زمان لە پرۆسەیەکەوە کە بە لێپێچینەوەی ئایدۆلۆجێک ideological interpellation ناسراوە، تاکەکەس ئەکا بە سووژەی خۆی. واتە تاکەکەس ئەبێ بە سووژەی زمانی ئایدۆلۆجێک. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە شوناسی ئەو تاکەکەسە ئەبێ بە شوناسێکی ئایدۆلۆجیک. پرۆسەی لێپێچینەوەی ئایدۆلۆژیک کە لە هەموو ساتەکاندا بۆ سووژە دێتە ئاراوە، ئەم رەوتە هاوتەریبە لە گەڵ پرۆسەیەکی تردا بە ناوی پرۆسەی لە خۆنامۆیی زمانناسانە Linguistic alienation. لەم روانگەیەوە تەنانەت دالەکانیش دەوری سەرەکییان هەیە لە پێکهێنانی ناسنامەی تازە بۆ ئەو تاکەکەسە. کەواتە لە پێوەندی نێوان زمان و ناسنامەدا، ئەبێ باس لە دوو پرۆسەی جیاواز بکەین کە یەکێکیان بە پرۆسەی لێپێچینەوەی ئایدۆلۆژیک ناسراوە و ئەویتریان بە پرۆسەی لەخۆنامۆیی زمانناسانە ناسراوە. دیارە لێرەدا شوێن و دەرفەتی ئەو باسە دوور و درێژەمان نییە، بەڵام بە کورتی ئەتوانین بڵێین کە ئەم دوو پرۆسەیە لەهەر دوو قوناغی منداڵی و گەورەییدا بە تەواوەتی رواڵەتێکی ناخودئاگایان هەیە. واتە سووژە بە بێ ئەوەی بزانێ لە رووبەڕوو بوونەوەی بەردەوامدایە لە گەڵ ئەم دوو پرۆسەیەدا و ئەم دوو پرۆسەیە بە بێ ئەوەی سوژە ئاگای لێ بێ، شوناسی ئەو سوژەیە پێک ئەهێنن و گۆڕانکاری بەسەریدا دەهێنن. لە قۆناغی منداڵیدا گرنگترین ئەنستیتۆت بنەماڵە و قوتابخانەیە و لە قۆناغی دووەمدا گرنگترین ئەنستیتۆتی پێکهێنەری سووژە ئەنستیتۆتەکانی تر وەک راگەیێنەرە گشتییەکان و زۆر بە تایبەت وەک تەلەڤیزیۆنە، واتە دوو پرۆسەی لەخۆنامۆیی زمانناسانە و لێپێچینەوەی

ئایدۆلۆجیک لە تەلەڤیزیۆندا زیاتر لە ئەنیستیتۆتەکانی تر وەکوو رادیۆ و رۆژنامە و ماڵپەڕ و مزگەوت و تەنانەت سیستەمی پەروەردە دەوری هەیە و کاریگەریێتی قووڵ و چارەنوسساز دائەنێ.

**ئیبراهیم ئەحمەدی نیا:** شرۆڤەی ئێوە بۆ چەمکی قەیرانی شوناس چیە؟ قەیرانی شوناس کەی لە هەناوی سووژەدا سەرهەڵئەدا و سەر چاوە و هۆکارەکانی ئەو قەیرانە بۆ چی ئەگەرێتەوە؟

**د. سەجادی:** بەرگیری کردن لە سووژە، بەوەی کە ئاگاداری زمانی زکماگی خۆی نەبێ، لەئاکامدا جۆرە ناهاوسەنگییەک دێنێتە کایەوە لە نێوان سابجێکتیڤیتییە جیاجیاکانی پێکهێنەری ئەو سووژەیەدا. زۆربەی زمانەکان ئایدۆلۆجیکن؛ لێرەدا ئایدۆلۆجی-م بە مانا بەربڵاوە ئاڵتۆسێرییەکەی بەکارهێناوە. لێرەدا تەنانەت شێوەی هەڵسوکەوت و شێوەی جل و بەرگ و پۆشین و شێوەی دانیشتن و هەستان و تەنانەت شێوەی بیرکردنەوە و بڕیاردان و شێوەی بیروڕا و تێفکرین لە قاڵبی زاراوەیەکی سەیوانئاسادا بە ناوی ئایدۆلۆژی کۆ ئەکەینەوە کە لە  گوتاری ئایدۆلۆجیکی ئەنستیتۆتەکاندا بە شێوەگەلی راستەوخۆ و یاخود دراماتیک خەملێنراوهن.  تەنەنەت هەندێ جار لە ئەدەبیشدا زمانی ئەدەبی ئەبێ بە زمانێکی ئایدۆلۆجیک. یان هەندێ جار هونەریش ئەبێ بە هونەری ئایدۆلۆجیک. لە زۆربەی هەرەزۆری کاتەکاندا کە زمان زمانێکی ئایدۆلۆجیکە، لەئاکامدا ناسنامەیەکی ئایدۆلۆجیک دێتە کاوە. لێرەدایە دەوری و جێگە و پێگەی ئەدەب و هونەری رەسەن بەرجەستە دەبێتەوە بەوەی کە ئایدیۆلۆجی دەستەبەرناکا.

ئەگەر زمانی زکماگی لە قۆناغی منداڵیدا، یان زمانی ئایدۆلۆجیکی یەکێک لە ئەنستیتۆتەکان لە قوناغی گەورەییدا، نەتوانن لە ناو کیانی سووژەدا بەرجەستە ببنەوە، جۆرێک ناهاوسەنگی دێتە ئاراوە و دیالێکتیکی نێوان زێهنیی سابجێکتیڤیتە ئایدۆلۆجیکەکان حاڵەتێکی رووخێنەر ئەگرێتە خۆی و لەم حاڵەتەدایە کە سووژە هەست بە لە خۆنامۆیی ئەکات، هەست بە شتئاسایی یان بوون بە شمەک  ئەکات، هەست بە بەکاڵا بوون ئەکات، کە لێکەوتە و دەرئەنجامە کرداری و ئاکارییەکانی زۆرن و هەندێکیان بریتین لە: غوروور و لەخۆبایی بوونی درۆیین، تووڕەیی، دوودلێ و ڕاڕایی بوون، لەناوچوونی بڕوابەخۆبوون، لەهەندێ حاڵەتیشدا سووژە رووبەڕووی کۆمەلێک نەخۆشیی دەروونی قووڵ ئەبێتەوە وەکوو تێکچوونی باری دەروونی بە شێوەی جیددی، لێرەدا کارەساتەکان دێنە یارمەتی ئەم دۆخە و سەرلێشێوایی زیاتر بەدی ئەهێنن. دەروونلێکدابڕاوی یەکێکە لەو دەرئەنجامە کە گەرچی هەندیجار هۆکاری زیندەوەرناسانەی لە پشتە بەڵام زۆربەی کاتەکان بە هۆی ناهاوسەنگیی دەروونیەوە سەرهەڵدەدات.

سەبارەت بە حاڵەتە سەرەتاییەکانی ئەم پرسە، واتە قەیرانی ناسنامە لە دەرکەوتە ئاساییەکەیدا، گرنگیدان بە زمانی زکماگیی سووژە دەتوانێ سوودبەخش بێ بەوەی کە رێگری دەکات لە سەرهەڵدانی لێکەوەتەکانی قەیرانی ناسنامە. هەر ئەم بارودۆخە دەتوانێ لە قوناغی گەورەییشدا بێتە ئاراوە، واتە ئەو ساتەوەختە کە سووژە لە ماڵەوە دانیشتووە و خۆی لە رووبەڕوو بوونەوەدا دەبینێ لەگەڵ چەندین گوتاری ئایدۆلۆجیکی ئاراستەکراوی جیاجیا لەلایەن ئەنیستێتوتە جیاجیاکانەوە. لەم حاڵەتەدایە کە سووژە لەوانەیە نەتوانێت جۆرێک هاوسەنگی دروست بکات و بەربەرەکانێ بکا لەگەڵ ئەوشتەدا کە ئەمڕۆکە لە ئێران ناویان ناوەتە (تهاجم فرهنگی).

**محەمەد رەحیمی:** لەم کاتەدا سووژە پەنا ئاباتە بەر خۆدێکی تر؟

**د. سەجادی:** بەڵی وایە، باشتر وایە بڵێین پەنا ئەباتە بەر گوتارێکی ئایدیۆلۆجیکی تر کە بۆ سووژە نامۆیە. کاتێ پەنا ئەباتە بەر خودێکی تر، لەخۆنامۆ ئەبێ، لە خودی خۆی دائەماڵرێ، کە دەرئەنجامەکەی لەخۆ نامۆییە و یەکێکە لە نەخۆشییە دەروونییەکانی سەردەمی هاوچەرخ.

**ئیبراهیم ئەحمەدی نیا:** لە روانگەی کۆمەڵناسانەوە ئەو کەسانە ماوەیەک دەچنە سەر فەرهەنگ و هێژمۆنیی زمانی زاڵ و داسەپاو کە وەک جۆرێ لە کولۆنیالیزمی فەرهەنگی دێتە ئەژمار، بەڵام پاش ئەو ماوەیە، قوناغی بەرەنگار بوونەوە و هەوڵدان بۆ نیشاندان و چەسپاندنی شوناسی خۆیان سەرهەڵدەدات، بۆ وێنە ئەتوانین ئاماژە بەو دۆخە بکەین کە پاش دروستبوونی کۆماری نوێی تورکیا لە ناوچە کوردنشینەکانی ئەو وڵاتەدا روویدا. ئێوە راتان لەم بارەیەوە چیە؟

**د سەجادی:** راستە. ئەگەر بمانەوێ لە روانگەی فەلسەفییەوە لێی بکۆڵینەوە، بەم شێوەیە کە لە ناخی هەر سابجێکتیڤیتەیەکدا خەسڵەتێک هەیە کە پێی ئەڵێن (ئانتاگۆنیسم) antagonism، سادەتر بڵێین لە ناخی هەر تێزێکدا جۆرێک لە ئانتیتێز لە ئارادایە.  واتە هەر سابجێکتیڤیتیەک بۆ خۆی هەڵگری تایبەتمەندییەکی دژکارانەیە و لەهەر کاتێکدا ئەو شیمانەیە لە ئارادایە کە لە دیالێکتیکی نێوانسابجێکتیڤیتە و دژەکەی خۆیدا، جۆرێکی تر لە سابجێکتیڤیتە لە کیانی سووژەدا بێتە ئاراوە. تەنها خاڵی هەرە گرنگ کە ئەبێ سەرنجی بدەینێ ئەوەیە کە سەرجەم ئەم پرۆسەگەلە لەناوەوی زماندا و بە هۆی زمان و لە رێگای زمانەوە دێنە ئاراوە.

**محەمەد رەحیمی:** جا لێرەدا خودی زمان ئەبێتە ئامانج یان کەرەستە و ئامرازێکە؟

**د. سەجادی:** لەم حاڵەدا زمان ئەبێتە کەرەستەیەک بۆ بەرهەم هێنانی سووژەی ئایدۆلۆجیک. ئێرنێستۆ لاکلائۆ لە کتێبێکدا بە ناوی *سووژەی سیاسی* (the political subjectivity)  بە وردی پەنجەی خستۆتە سەر ئەوەی کە زۆربەی سووژەکانی دنیای ئەمرۆ سووژەی سیاسین بە هۆی بەرهەمهێنانی زمانی ئایدۆلۆجیکەوە. بەڵام خاڵی زۆر سەرنجراکێش لێرەدا ئەوەیە ئەم سووژە سیاسیانە خاوەنی شوناسێکی یەکگرتوو نین، چوونکە دیسان ئەوانیش بۆ خۆیان لە رووبەڕوو بوونەوەدان لە گەڵ چەندین گوتاری جیاوازی سیاسیی ئایدۆلۆجیکی تردا. لە هەمووشیاندا ئەوەی دەوری کارا دەگێڕێ ئەو کۆمەڵە دەستەواژە و چەمکەیە لاکلائۆ بە "دالی بۆش" یان "دالی بەتاڵ" ناوبردەی دەکات.

**محەمەد رەحیمی:** یانی مەبەستتان دووبارە بەرهەمهێنانەوە ئایدۆلۆژجییە ؟

**د. سجادی:** بەڵێ، ئەوەی دەیبینین بەرهەم هێنانی بارودۆخی بەرهەمهێنانەوەیە؛ ئەمە بارودۆخێکە کە بەردەوام روو ئەدات و بە هۆی بەردەوام دووبارەبوونەوەی ئەم بارودۆخەوەیە کە شوناسی سووژە لە گۆڕانکاریی بەردەوامدایە. لەم گەمەیەشدا زمان پشکی شێری بەردەکەوێ.

**ئیبراهێم ئەحمەدی نیا:** چەمکی پەرەسەندنی زمان لەو بابەتە گرنگ و هەستیارانەیە کە پێدەچێ لە هەر زمانێکدا جۆرێک لە خۆنیشاندان و دەرکەوتنی ببێ، لە زمانی کوردیدا ئەو کۆسپ و هۆکارانە چین کە بەر بە پەرەسەندی زمان دەگرن؟ ئایا زمانی کوردی لەم چەند ساڵەدا پەرەی سەندووە یان نا؟

**د. سەجادی:** ئەگەر چی زمانی کوردی لە بیست سی ساڵی رابردوودا پەرەی سەندووە، بەڵام ئەگەر بەراوردکارییەک بکەین لە نێوان پەرەسەندن لە زمانەکانی تردا (بۆ نموونە زمانە دراوسێکان وەک زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی)، بەو دەرئەنجامە دەگەین کە ئاستی پەرەسەندن لە زمانی کوردیدا لە ئاستێکی زۆر خواردایە. زمانی کوردی پەرەی سەندووە، بەڵام لە چاو زمانە دراوسێکانیدا پەرەی نەسەندووە. ئەم تایبەتمەندییە لە زمانێکی وەک زمانی ئینگلیزیدا یەکجار زۆر زیاترە، یانێ ئەگەر زمانی فارسی لە رەوتێکی سەدساڵەدا توانیویەتی پەرەیەکی زۆر بسێنێ، ئەم پرۆسەیە لە زمانی ئینگلیزیدا هەر یەک بۆ دوو دەیە جارێک روو دەدات، واتە ساڵانە کۆمەڵێک وشە و دەستەواژەی تازە دەچنە نێو قامووسەکانی زمانی ئینگلیزییەوە. هەڵبەت بابەتی پەرەسەندنی زمان هەر تەنها نابەستریتەوە بە باسی وشەرۆنان و زاراوەسازییەوە و چەندین رەهەندی تر دەگریتەوە کە لە نووسینێکی تردا بە وردی باسم کردووە. بە گشتی، پەرەسەندنی زمانی کوردی گەرچی لەم ساڵانەی دواییدا خێرایی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیەوە بەڵام بە گشتی لە ئاستێکی نزمدایە.

لە لایەکی ترەوە، لە باسکردن لەسەر پەرەسەندنی زمانی کوردی ئەبێ سەرنج بدەینە پەرەسەندنی ئەو زمانە لە بوارە جیاجیاکاندا وەک زمانی رۆژنامە نووسی، زمانی زانستی، زمانی ئەدەبی، زمانی ئارکەیک، زمانی راگەیەنەرە گشتییەکان، تەنانەت زمانی بەکار هێنراو لە پەیام و کورتە نامەی مۆبایلدا، زمانی بەکارهێنراو لە چەت و ئینترنێت و ئیمەیلدا. لە حاڵەتە پێشکەوتووەکەشیدا وەکوو زمانی بەکار هێنراو لە دانان و وەرگێڕانی دەقە فەلسەفی و فیکرییەکاندا. ئایا لەم ناحیە جیاجیایانەوە زمانی کوردی تا چ ئاستێک پەرەی سەندووە؟ لە باسکردن لەسەر پەرەسەندنی زمانی کوردی ئەبێ سەرنج بدەینە کۆمەڵێ خەسڵەت و رەهەندی تر کە پێوەندییان هەیە بە باسەکەوە و ئیستا تەنها ناویان ئەبەم و پێم وانییە لەم وتووێژەی ئێستادا دەرفەتی لێکۆڵینەوەیانمان هەبێ:

١- زمانی کوردی تا چ ئاستێک توانیویە هەڵگری چەمک و واتا دەرهەست یان (انتزاعی)ە کان بێت؟ واتە، پرسی زەینیبون و بابەتیبوون لە زمانی کوردیدا لە چ قۆناغێکدایە؟
٢- زمانی کوردی تا چ ئاستێک (منظم)ە؟ واتە کێشەی نەزم لە زمانی کوردیدا بە چ شێوەیەک شرۆڤە دەکرێت؟ ئایا لایەنی بیرکاریئاسایی (ریاضی‌گونگی) تا چ ئاستێک لە زمانی کوردیدا ئامادەیە؟
٣- پێوەندیی زمانی کوردی و سروشت لە چ ئاستێکدایە، ئایا زمانی کوردی زمانێکی سروشتییە؟ ئایا بنەما و بنەواشەی سروشتی لە زمانی کوردیدا لە ئارادان؟ ئەگەر هەن، مێکانیزمیان بە چ شێوەیەکە و نموونەکانی کامانەن؟
٤- زمانی کوردی تا چ رادەیەک زێهنییەتی نایەکگرتوو و چەندپارچەی سوژەی کوردی ئەنوێنێتەوە؟ کام لایەنی زمانی کوردی پێوەندیی بە ئاستی گەشەکردنی چەمکی تاکایەتییەوە هەیە لە کۆمەڵگای کوردیدا؟
٥- ئەو تایبەتمەندیانە زمانی کوردی کامانەن رێگرن لەبەردەم پەرەسەندنیدا؟ بە پێچەوانە، ئەو تایبەتمەندیانەی زمانی کوردی کامانەن کە خاڵی بەهێزن لە رەوتی پەرەسەندنیدا؟
٦- بنەمای سینتاکس (پێکهاتەی گوزارەسازی) و شێوەی سێمانتیک (جۆریماناسازی) لە زمانی کوردیدا بە چ شێوەیەک پێوەندی لەگەڵ پرۆسەی پەرەسەندنی زمانی کوردیدا هەیە؟

٧- پێوەندیی نێوان زمانی ئاخافتن و زمانی نووسین لە کوردیدا بە چ شێوەیەکە و کامیان بەسەر ئەوی تردا فەرز کراوە و بۆچی و لێکەوتەکانی کامانەن؟

ئەمانە کۆمەڵە باسێکن لەسەر زمانی کوردی و ئاستی پەرەسەندنی زمانی کوردی. ئەم باسە پێوەندی بە باسە پێشووەکانەوە نییە و باسێکی جیاوازە. بەڵام ئەگەر تۆزێ ورد ببینەوە، ئەبێ لە دوو ئاستدا سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین: یەکێکیان ئاستی وشەیە، ئەوی دیکە ئاستی پێکهاتە (ساختار) و سینتاکسە. لە ئاستی وشەدا باسی زاراوەکان دێتە بەرەوە کە ئایا تا چ رادەیەک توانیوومانە زاراوەسازی بکەین و زاراوەکان تا چ رادەیەک جێگیر بوونە. لە باسی ساختاردا دێینە سەر خەسڵەتە جەوهەرییەکانی زمانی کوردی. بۆ نموونە بوون یان نەبوونی شێوەی کرداری داهاتوو لە رێزمانی کوردیدا و دەرئەنجامەکانی بۆ رەوتی بیچمگیریی ناسنامە. یان تیشک خستنە سەر ئەو لایەنانەی زمانی کوردی کە بەرگریکارن لە وردەکاری و، ئەمەش واتە زەمینە خۆشکردن بۆ سەرهەڵدان و دووبارەبوونەوەی ساکارسازی و گشتی کردنەوە چ لە سوبژێکتیڤیتە و چ لە زمانی کوردیدا، کە بەریان بە پەرەسەندنی زیاتری زمانی کوردی گرتووە. دیارە لەم دەرفەتەدا ناتوانین باسیان لەسەر بکەین.

**ئیبراهیم ئەحمەدی نیا:** پێوەندی نێوان زمان و ئایدۆلۆجی لە بابەتە گرنگ و ئاڵۆزەکانە و تێڕوانین و باس و لێکۆڵینەوەی جیا و جۆراوجۆری لە سەر کراوە. شرۆڤەی جەنابت لەم بەستێنەدا چیە؟

**د. سەجادی:** پێوەندی نێوان زمان و ئایدۆلۆجی پێوەندیی نێوان دوو کیانی ناهاوچەشنە، لە بەر ئەوەی کە زمان دەرهەستە، کەچی ئایدۆلۆجی بە مانا ئاڵتوسێریەکەی بەرهەستە، لە بەر ئەوەی کە زمان لە سەر بۆش بونیاد نراوە واتە زمان هەڵگری خەسڵەتی نێگەتیڤیتییە negativity (نقیضەگونگی)، کەچی ئایدۆلۆجی ئەتوانێ بەرهەست و "انضمامی" و هەستپێکراو بێت. ئەمە کێشەیەکی ئاڵۆزی فەلسەفییە و باسکردن لە سەر تێکەڵاویی نێوان زمان و ئایدۆلۆجی لە راستیدا باسکردنە لە سەر تێکهەڵکێشکردنی دوو نەریتی فەلسەفیی تەواو جیاواز کە ئێرە شوێنی باسکردنی نییە. بەڵام بە کورتی ئەتوانین بڵێین زمان لە زۆربەی کاتەکاندا دەبێتە ئامرازێک بۆ هەڵگرتن و بەڕێوەبردن و گواستنەوەی ئایدۆلۆجی. چەند ساڵ پێشتر لە وتارێکدا ئاماژەم بۆ کردووە، زمانی کوردی شوێنگەی ملانێی گوتارە ئایدیۆلۆجیکەکانە. بەڵام خاڵی هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەم ئایدۆلۆجیانە بە سەر دوو دەستەی جیاوازدا دابەش دەکرێن و ئێمەمانان بەردەوام تەنها بایەخمان بە یەکێکیان داوە: لە حاڵەتە باوەکەیدا، ئایدۆلۆجی بە مانا زاڵەکەی وەکوو حیزب و لایەنی سیاسی و گوتاری ئایدۆلۆجیک و ئەنستیتۆت و یان تەنانەت لە بەرزترین ئاستدا وەکوو زێهنییەتی ئایدۆلۆجیک ناوزەد کراوە. کەی لە حاڵەتی دووەمدا ئەو مۆرکە جەوهەرییانە دەگرێتەوە کە خودی زمانەکە هەڵگریەتی و بە هۆی بەرهەمهێنانەوە و دووبارەبوونەوەوە iterability وەکوو خەسڵەتێکی ئایدۆلۆجیکی ئەو زمانە لە قەڵەم دەدرێ. باسکردن لەسەر ئەم نمونانە دابنێین بۆ دەرفەتێکی تر.

**ئیبراهیم ئەحمەدی نیا:** زۆر سپاس بۆ ئەو دەرفەتە و بەشداری کردنتان لەم چاوپێکەوتنەدا.

**د. سەجادی:** منیش سپاسی ئێوە دەکەم.